

# یەکێتی قوتابیانی کوردستان

## قوتابخانەیەک بۆ پێگەیاندنی ئافرەتی کارامە

٦٢ساڵ پێش ئێستا و لە ١٨ی شوباتی ساڵی١٩٥٣ یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە باشووری کوردستان دامەزرا، هەر ئەو رێکخراوە بوو بە بەشێکی گرنگ لە خەباتی پیشەیی و جەماوەری و رۆژهەڤی ئەو کاتی کوردستان و تاوەکو ئێستاش لەگەڵ رەوت وسەردەمە جیاوازەکان خۆی گونجاندووە و لە ئەرزی واقیعدا، نەك پێگە و سەنگی کەمی نەکردووە، بگرە لە هەنگاوەکانی بەرەو پێشکەوتن بەردەوام بووە و بە بێ جیاواز رەگەزی شانی داوەتە بەر بارێکی گران بۆ پێگەیاندنی سەرکردەکانی ئەمڕۆ و داهاتووی کوردستان، بەدەیان سەرکردە و کادر و ئەندامی دیار و لێوەشاوەی ئافرەتیشی پێگەیاندووە. بەڵام لە کۆتایی ساڵی پار بینیمان جیهان رووبەڕووی چەندین هاوکێشەی پێشبینی نەکراو بووەوە، بۆیە زلهێزەکانی جیهان و تەنانەت کیانە بێ دەوڵەتەکانیش لە دەستپێکی ساڵی ٢٠١٥دا لە هەوڵی چرووپڕدان بۆ ئەوەی لە سیستمی نوێی جیهانیدا بتوانن بە سەر تیرۆریسم و مەترسییەکانیدا زاڵ ببن. لە ساڵوەگەڕی دامەزانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانیشدا، ئەم رێکخراوە ئەرکی سەرشانی گەلێك قورستر دەبێت، بەتایبەت کە کورد لە ئێستادا لە بری هەموو جیهان شەڕی تاریکیپەرستانی داعش دەکات. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان سەبارەت بە سەنگی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە رابردوو تا ئێستا و رۆڵی لە پێگەیاندنی ئافرەت و ئەرکەکانی داهاتووی راو سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**بارزانی نەمر بە سیاسەتێکی وردبین و بە تێگەیشتن لە زەرووەرەتەکان هەوڵی بە مەدەنیکردنی سیاسەتی داوە و بەردی بناغەی یەکێتی ئافرەتان و یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوان و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی داناوە**

### ● دەبێت لە سەنگەری قوتابخانەکانەوە شەڕی تیرۆریستان بکەین

پەیمان عەبدولقادر مامۆستا قۆناغی بنەڕەتییە و یەکێکە لەو هەزاران ئەندامەی یەکێتی قوتابیان کە پێیوایە لەو قوتابخانەیەدا دەرسی ژیان و نیشتمانپەروەری فێربووە. پەیمان دەڵێت: «بارزانی نەمر بە سیاسەتێکی وردبین و بە تێگەیشتن لە زەرووەرەتەکان هەوڵی بە مەدەنیکردنی سیاسەتی داوە و بەردی بناغەی یەکێتی ئافرەتان و یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوان و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی داناوە، هەر ئەو ڕێکخراوانەش دەیان ئافرەت و پیاوی سەرکردەیان بۆ وڵات پەروەردە کردووە». گوتیشی: «پێش لە دایکبوونی تاریکیپەرستانی داعش، هەر لە ڕۆژێکی وەك ١٨ی شوباتدا، دەستی تیرۆر گیانی پاکی فرانسۆ هەریری کردە ئامانج کە قوتابییەکی ڕێبازی بارزانی نەمر و هێمای پێکەوەژیانی مەسیحی و موسڵمان و شوێنکەوتووانی گشت ئایین و ئایینزاکان بوو». ئەو مامۆستایە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لەساڵوەگەڕی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا، ئەرکی سەرشانی ئەم ڕێکخراوە گەلێك قورستر دەبێت، بەتایبەتی کە پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی بەرگری گیانیان لە سەر دەست داناوە بۆ ئەوەی سنوور و خاکی پیرۆزی کوردستان بپارێزن و کۆمەڵکوژی کورد دووبارە نەبێتەوە و جارێکی دی ئافرەتی کورد نەبێتە دەستکەوتی شەڕ و داعشەکان مامەڵەی پێوە نەکەن، بۆیە دەبێت لە سەنگەری قوتابخانەکانەوە شەڕی داعش وتیرۆریستان بکەن».

### ● گرنگترین پێوەر ڕێزگرتنە لە بەهای مرۆڤ و کاری پێکەوەیی

تاڤگە عومەر ڕەشید بەڕێوەبەری گشتی دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ، باسی ئەوە دەکات کە «دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی دا، بۆ ئەوەی وەك ڕێکخراوێکی مەدەنی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی قوتابیان کار بکا ت ، ئەو ڕێکخراوەیە وەك ناوەندێکی گرنگ بۆ پێگەیاندنی کادیر و خەڵکانی بەئەزموون لە گشت بوارەکان بە جددی دەست بەکار بوو، گوتیشی: «من بەش بە حاڵی خۆم لە ساڵی ١٩٩١ ـەوە لە سەرکردایەتی ئەم ڕێکخراوە کارم کردووە، بۆیە دەتوانم بڵێم هۆی هەموو سەرکەوتنێکم لە بواری کارگێڕیدا دەگەڕێنمەوە بۆ کارکردن لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چونکە کاری پراکتیکی لەم ڕێکخراوەدا لەسەر بنەمای ئەو پرەنسیپانەیە کە لە هەموو سێکتەرە جیاوازەکان گرنگترین پێوەر ڕێزگرتنە لە بەهای مرۆڤ و کاری پێکەوەیی بەرجەستەکردنی ئەرك و ماف، زۆریش سوودم لە ئەزموونی کارکردن لەم ڕێکخراوە وەرگرتووە و توانیومە بە سەر ئاستەنگەکاندا زاڵ بم و کۆسپ و تەگەرەکان بە لاوە بنێم، هەروەها یەکێتی قوتابیان وەکو قوتابخانەیەك فێری ئەوەی کردووم کە دەبێت خزمەتکردنی هاووڵاتیان لە ئەولەوییەتی ئامانجەکان بێت، هەروەها دڵسۆزی و مەبدەئی کارکردن هەمیشە لە گەشەکردندا بێت و هیچ کاتێك سڵ لەوە نەکەینەوە کە ئاستەنگمان لە پێشە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئیرادە و توانامان بۆ خزمەتی کۆمەڵگە بەهێزتر بکەین. کاتێك مرۆڤ لە قوتابخانەیەکی لەم شێوەیە پەروەردە دەکرێت، بێگومان دەستکەوتێکی زۆر گەورەی پێدەبەخشێت، بەتایبەتی بۆ ئێمەی ئافرەت کە جیاوازی نەکردن لە مەیدانی کار ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئێمەش دەتوانین خزمەتی باشتر و داهێنانی زیاترمان هەبێت. لە یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا ڕەگەز هیچ کاتێك ڕێگر نەبووە و ئەم ڕێکخراوە هەوڵی داوە بە بێ جیاوازی ڕەگەزی تاکی کارامە بەتوانا پێبگەیەنێت، ئەم بابەتەش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا فاکتەرێکی گرنگە کە کچان و ئافرەتانی ئێمە بتوانن کەسێکی سەرکەوتوو بن لە مەیدانی کاردا، بۆیە من گشت سەرکەوتن و سەروەرییەکانی ژیانم بۆ کارکردن لە یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا دەگێڕمەوە، کە هەمیشە لە پێگەیاندنی جیلی ڕۆشنبیر و خاوەن مەعریفەدا پێشەنگ بووە».

ساکار غازی کارگێڕی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دەستپێکی قسەکانیدا سەرەتا پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەکات، هاوکات دەڵێت: «یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی (١٩٥٣) قوتابخانەیەك بووە بۆ پێگەیاندنی کادیر بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، منیش ئەندام بووم لەم ڕێکخراوە و هەموو پلەکانی ڕێکخستنم بریوە و کۆنگرەکانی (٩و١٠و١١) م بینیوە، بۆیە بۆ منیش پێگەیەکی بەهێز و قوتابخانەیەکی پڕاوپڕ بووە لە وانەی نەتەوەیی و نیشتمانی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی، هەمیشە گوتوومە و دەیڵێمەوە کە خۆم بە قەرزاری ئەم ڕێکخراوە دەزانم، چونکە هەنگاوی سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی سیاسی من و هەزارانی وەك من بووە، بە درێژایی مێژووی تەمەنی ئەم ڕێکخراوە ئەوەی سەلماندووە کە نەهج و دیدگای بۆ ئافرەتان، دیدگایەکی زۆر ڕۆشن بووە بۆ پێگەیاندنیان لە نێو خودی ئەم ڕێکخراوە و دواتر لە نێو ئۆرگانەکانی حزب و کایە جیاجیاکانی سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، نموونەشمان زۆرە



لەو ئافرەتە تێکۆشەرانەی کە ئێستا هەریەکەو لە ئۆرگانەکانی حزب و حکومەت کاردەکەن و لەم قوتابخانەیەدا پێگەیشتوون، بە شانازییەوە منیش خۆم بە بەرهەمی ئەم ڕێکخراوە دەزانم، کە ڕۆڵی هەبووە لە پێگەیاندنم، دووبارە پیرۆزبایی لەم ڕێکخراوە دەکەم و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ دەخوازم».

**● پێویستە ڕووبەڕووی نەریتە سواوەکانی کۆمەڵگە ببینەوە**

روئیا محەمەد قوتابی زانکۆ و بەرپرسی قوتابیانی بەشە ناوخۆیی ١٨ی شوبات، قسەکانی بەوە دەست پێدەکات کە «هەر ڕێکخراوێکی خزمەتکاری مرۆڤایەتی دەبێتە هۆی پێشخستنی کۆمەڵگە و ڕێکخراوێکی وەکو یەکێتی قوتابیانیش ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پێشخستنی کۆمەڵگە لە گشت بوارەکاندا و گەلێك ئافرەت و پیاوی بەتوانای پێگەیاندووە»، گوتیشی: «قوتابیان توێژێکی کۆمەڵایەتی کاریگەر و هەستیاری کۆمەڵگەن، جیلی نوێن و نەوەی داهاتوون، یەکێتی قوتابیانی کوردستانیش بە بێ جیاوازی ڕەگەزی پلانی پێگەیاندنی ئەو جیلەی هەبووە، بۆیە ئەو ئافرەتانەی کە لە ریزەکانی یەکێتی قوتابیاندا کار دەکەن و کاریان کردووە، لەگەڵ ئافرەتان و کچانی دیکە لە رووی هەڵسوکەوت و ئاخاوتن و دیالۆگ جیاوازن، وا راهێنراون متمانەیان بە خۆیان زۆر بێت، چاوکراوە و بوێرتر بن، هەر بۆیە بوونی ڕێکخراوێکی وەکو یەکێتی قوتابیان گرنکی و ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی بۆ کۆمە ڵگەکەمان هەبووەو دەبیێت، جا چ لە رووی هوشیاریی تاك، یان هوشیاری کۆمەڵایەتی، من خۆم وەکو نموونەیەکی زیندوو لە ریزەکانی قوتابیان کارم کردووە و لە زۆر رووەوە شتی لێوە فێر بووم، واتە یەکێتی قوتابیان یەکەم وێستگەی ژیانی من بووە بۆ پێگەیاندم و کاریگەری زۆری لە سەرم بووە بۆ ئەوەی خاوەن ئیرادە و روانگەی خۆم بم، بۆیە بەو هیوایەم کچانی کوردیش ئەو جورئەتە بدەنە بەر خۆیان و بە ورەیەکی بەرز و باوەڕ بە خۆبوونێکی زۆرەوە بێنە ریزەکانی ڕێکخراوەکان و کاری جددی تێدا بکەن، تا هەمووومان پێکەوە بتوانین ڕووبەڕووی نەریتە سواوەکانی کۆمەڵگە ببینەوە و لانیکەم خۆمان لە کۆیلەیەتی و پێشێلکردنی مافەکانمان رزگار بکەین».

ڕۆژان فارس ئەرگوشی قوتابی زانکۆ و کارگێڕی لقی سەروکایەتی زانکۆ و پەیمانگاکانی زانکۆی سەلاحەددین، هێما بۆ ئەوە دەکات کە پارتی دیموکراتی کوردستان ٦٢ ساڵ پێش ئێستا یەکێتی قوتابیانی دامەزراند و ئەو ڕێکخراوە بە درێژایی تەمەنی ڕۆڵی لە خزمەتکردنی قوتابی و بەرجەستەکردنی مافی تاکەکانی کۆمەڵگە هەبووە، گوتیشی: « یەکێتی قوتابیان لەسەرەتای دامەزراندنیەوە توانی لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆری قوتابی لە ئاستە جیاوازەکانی خوێندن لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و توانی گەشەکردنێکی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێ، بە سەدان ئافرەتی شۆڕشگێڕیشی پێگەیاندووە و پێشکەشی کۆمەڵگەی کردووە«.

ڕۆژان نموونە بە خەباتکارێکی وەك (لەیلا قاسم) دەهێنێتەوە و دەڵێت: «لەیلا قاسم یەکەم ئافرەتی کورد بوو کە لە ساڵی ١٩٧٤ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە سەر بیروبۆچوونە رەواکانی لە سێدارە درا، ئەو شۆڕشگێرە کە لە قوتابخانەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان فێری خەبات و تێکۆشان بوو، توانی بە چالاکییە سیاسییەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی زانکۆ دوژمنانی گەلەکەی ریسوا بکات، چەندین ئافرەتی دیکەی ناو ئەو ڕێکخراوەش لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە دەستبەسەر کران، ئێستاش ئەم ڕێکخراوە توانیویەتی پەرە بە تواناکانی کچان و ئافرەتان بدات و دەرگایان بە روودا واڵا بکات، تاوەکو زۆرترین رێژەی ئافرەت کاری تێدا بکەن، تەنانەت ژمارەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان توانیویانە لە ڕێگەی یەکێتی قوتابیانەوە خۆیان پێبگەیەنن و لە ئاستی پلە باڵاکانی حزبی و حکوومیدا خزمەتی گەلەکەیان بکەن، یەکێتی قوتابیان هەردەم مینبەری داواکردنی ماف و ئازادییەکان و بە تایبەتی یەکسانی رەگەزی و بەشداری چالاکانەی ئافرەت لە گشت جومگەکانی کۆمەڵگە بووە، لە دروستکردنی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەییش هەمیشە پێشەنگ و پێشڕەو بووە».




**پێش لە دایکبوونی تاریکیپەرستانی داعش، لە ڕۆژێکی وەک ١٨ی شوباتدا، دەستی تیرۆر گیانی پاکی فرانسۆ هەریری کردە ئامانج کە قوتابییەکی ڕێبازی بارزانی نەمر و هێمای پێکەوەژیانی مەسیحی و موسڵمان و شوێنکەوتووانی گشت ئایین و ئایینزاکان بوو**

**لە یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا رەگەز هیچ کاتێک ڕێگر نەبووە و ئەم ڕێکخراوە هەوڵی داوە بە بێ جیاوازی رەگەزی تاکی کارامە و بەتوانا پێبگەیەنێت**

**گشت سەرکەوتن و سەرووەرییەکانی ژیانم بۆ کارکردن لە یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا دەگێڕمەوە، کە هەمیشە لە پێگەیاندنی جیلی رۆشنبیر و خاوەن مەعریفەدا پێشەنگ بووە**

### ئافرەتان لە پۆستەکانی سەرۆکی زانکۆ و راگری کۆلیژ تاقی نەکراوەنەتەوە

# ئایا ئافرەتانی ئەکادیمی لە پۆستی سەرۆکایەتی زانکۆکان پەراوێز خراون؟



گەرچی راوێژکاری وەزیری خوێندنی بـاڵا و توێژینەوەی زانسـتی جەخت لـەوە دەکاتەوە کـە خانمانی ئەکادیمی هەلی یەکسـانیان لەگەڵ پیاوان هەیە و بەپێی مەرجە زانسـتییەکان دەتوانن بۆ هەموو پۆسـتەکان و لە ناویشیاندا پۆسـتی سـەرۆکی زانکۆ داواکاری خۆیان پێشـکەش بکەن، بەڵام تائێستا لە کـۆی ١٢ زانکۆی حکوومی و ١٢ زانکۆی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، سـەرۆك زانکۆی ئافرەتمان نییە. ئایا ئافرەت توانای ئەو جۆرە بەڕێوەبەرییەی نییە؟ ئایا پیاوان لە ناوەندەکانی زانست و مەعریفەشدا کۆسـپ بۆ ئافرەتانی ئەکادیمـی دروسـت دەکـەن؟ ئـەی حکومەتێك کە لە سیستمی حوکمڕانیی خۆیدا بانگەشەی یەکسانی رەگەزی و دیموکراسی دەکات، دەبێت لەو بوارەدا چ بەرنەما و پلانێکی هەبێت؟ بەشداربووانی ئـەم راپۆرتـەی گـوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.

روفیا رەمەزان:

**پێویستە خانمانی کورد ببنە ئەهرۆمی فشار و دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکار ناچار بکەن، هەوڵی بنبڕکردنی جیاوازی رەگەزی بدەن و کۆمەڵگە بە یاساکانی هاوچەرخ پابەند بکەن**

د. ئامانج عەبدوڵڵا:

**هیچ جیاکارییەکی رەگەزی ناکرێ و بەپێی مەرجە زانستییەکان دەتوانن بۆ هەموو پۆستەکان و لە ناویشیاندا بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی زانکۆ داواکاری خۆیان پێشکەش بکەن**

## ● رێگەکانی خۆسەلماندنی ئافرەت دژوارن

مافپـەروەر و چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی شـوان سـابیر گـەردی، لە وەڵامی ئەو پرسـیارەدا دەڵێـت: «بوونی ٢٤ زانکۆ لە کوردسـتان و سـەدان کۆلێژ و دەیـان پەیمانگە و نەبوونی ژنێك وەك سـەرۆکێکی زانکۆ، یان راگری کۆلێژێك رەنگدانەوەی حەقیقەتی پێگەی بەشداری ژنە لە نێوەندەکانی بڕیاردان و بەڕێوەبردن و ئەوانەی باسیش دەکرێت لە بەشداری ئافرەتـان تەنهـا خۆڵکردنە چـاوی خەڵکە و نیشـاندانی وێنەیەکی ناڕاسـتەقینەی کۆمەڵگەکەمانـە، ئەوەش نەك هەر لە نێوەندە زانسـتییەکان، بگرە نەبوونی ژن لە پۆسـتە حزبییەکانیـش بە رێژەی مەعقوول دیسـان ئەو راسـتییە دەسـەلمێنێ کە کۆمەڵگەکەمان کۆمەڵگەیەکی نێرسالارییە و رێگە بە خۆسـەلماندنی ژن و کچ نادرێت ئەگەر ئیرادەی پیاوی لەگەڵدا نەبێت»، گوتیشی: «لە پەرلەمانیش ئەگەر کۆتـا نەبێت، ئەو ژمـارە ژنە پەرلەمانتـارە نابینین». ئەو مافپـەروەرە رایوایە کۆتا لەو حاڵەتانـە زیاتر رۆڵی نەرێنی دەبینێ، بۆ سەلماندنی قسەکەشی زیاتر گوتی: «سیستمی کۆتـا وایکردووە، ئافرەتانی نێو حزبەکان ئەوەندەی چاویان لە کۆتاکە بێت، ئەوەندە هەوڵی خۆسەلماندن نەدەن لە نێوەندەکانی بڕیار و سیاسەت و بەڕێوەبردندا.

فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئۆفیسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ئەورووپا، لە دەسـتپێکی قسەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە «مێژووی کورد و کوردسـتان شـاهێدحاڵە کە کۆمەڵگەی کوردی لە کۆنەوە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار نەبووە و ئافرەتی کـورد لە گشـت جومگەکانی کۆمەڵگەدا بەشـدار بووە و قسـەی خۆی هەبووە و بەهێز و بـە تواناوە رۆڵی بەرچاوی تەنانەت لە خەبات و تێکۆشان و شۆڕشەکانیشدا بینیوە، بەڵام لە سـەدەی رابردوو بەتایبەتی لە باشـووری کوردستان و بە درێژایی دەسـەڵاتی حکومەتەکانی عێراق، ئافرەتان رۆژ لە دوای رۆژ زۆرێك لە مافەکانیان لە دەسـت داوە و سیستمی پیاوسالاری زەق کراوەتەوە و هاوبەشیی ئافرەت و پیاوی قبووڵ نەکردووە»، گوتیشـی: «گەشـەی کەلتووری پیاوسالاری لە عێراق، راسـتەوخۆ، یان ناڕاسـتەوخۆ کاریگەری زۆری لەسەر کوردسـتان بووە، ئەو کات ئافرەتی کورد، بەتایبەتی ئەوانەی بنەماڵەی پێشـمەرگە بوون بە هیچ شێوەیەك مافی وەرگرتنی پۆسـتێکی بڕیاردەریان نەبـوو، تەنانەت لە کار و پۆستە گرنگەکان لادەدران، ئافرەتی کورد لە دوو سێ قۆڵەوە دەچەوساوە، ئەنفالکردن و دەستگیرکردن و شەهیدکردنی باوك و برا و هاوسـەر و کوڕی ئافرەت، وایدەکـرد بیر لە مافی خۆی نەکاتەوە، بەڵکو لە ناو زێی خەم و خەفەت و بێدەنگیدا مەلـە بکات، لەگـەڵ هەموو ئەوانەشـدا ئافرەتی کورد بە چۆکدا نەهاتووە و تەنانەت لە خەباتی شاخ و شاردا بەشداری کردووە. پاش راپەڕینی ١٩٩١ و دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، خۆشبەختانە بیرکردنەوەیەکی جددی لە مافـی ئافرەتان هاتەدی و خـودی ئافرەتیش زیاتر تێکەڵ بە کاری سیاسـی و کۆمەڵایەتی بـوو، زۆربەی رۆڵەکانی کوردیش گەیشـتنە ئەو واقعەی کە پیاوسالاری کەلتووری

کوردی نییە، بەڵکو کەلتوورێکی هاوردە و سەپێندراوە. بۆیە بۆ هێنانەدی کوردستانێکی دیموکرات و سەردەمییانە و پێشکەوتوو دەبێت بەشداری ئافرەت زیاتر بکرێت، بەتایبەتی لە ناوەندەکانی زانستی و مەعریفی و ئەکادیمی»، گوتیشی: «کۆمەڵێ یاسا و پرۆژەیاسای باش لە بەرژەوەندی ئافرەت لە پەرلەمان پەسەندکراون، کە هەندێکیان جێبەجێ کراون، هەندێکیشی پێویستی بە بەدواداچوون هەیە، چونکە وەك پێویست لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێنەکراون. لە لایەکی دیکەوە لەم سەردەمە کە هەموو لایەنە سیاسییەکان لە دروشمەکانیان پێداگری لەسەر مافی ئافرەت دەکەن، کەچی لە کابینەی حکومەت تەنیا یەك وەزیری ئافرەتمان هەیە، ئەویش لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە دەیسەلمێنێت لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەشداری ئافرەت لە سیاسەتدا تەنیا دروشم نییە و بە فیعلی کاری بۆ دەکرێت».

**● دارشتنی پلان بۆ نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی لاوازە**

کۆمەڵناس و چالاکی بواری مافی ئافرەتان روفیا رەمەزان، سەبارەت بەوەی کە بۆچی لە پۆستی سەرۆکی زانکو و راگری کولێژەکان ئافرەت نابینین، دەڵێت «پرسیارەکە زۆر بەجێیە، بەتایبەت لەم دۆخەدا کە ژنی کورد لە کۆبانێ و لە باشووری کوردستان لە ریزی پێشەوەی خەبات شان بە شانی پیاوان بۆ پاراستنی خاکی کوردستان و بەرگری لە میللەتەکەیان شەڕ دەکەن و بە خوێنی خۆیان مێژوویەکی گەشی خەباتی ژنی کورد دەنەخشێنن. بەگشتی ژنی کورد لە دوو دەیەی رابردوودا کاری کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت لە هەموو کایەکانی ژیان جێگە و پێگەی خۆی بەدەست بێنێ، بەڵام بەداخەوە تائێستا ئەو دەستکەوتەی نەبووە کە چاوەڕوان دەکرا، تا ئێستاش رێژەی ژنان لە ناو سەرکردایەتی حزبەکان و تەنانەت لە بەڕێوەبردنی ناوەندە ئەکادیمییەکان زۆر لاوازە و لەوانەیە تەنیا بۆ دەمبەستنی ژنان تاك و تەرا بەشداریان بکەن، نەك بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و بەرفراوانبوونی بەشداری ژن. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە ژنی کورد سەرەڕای رۆڵی بەرچاوی لە بەرگری میللیدا، خاوەنی پرۆژە و نەخشە نەبووە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیکی یەکسان و دوور لە جیاوازی رەگەزی. واتە ئێمە وەك ژنی کورد خاوەن ئەزموونی بەنرخ و زۆرین، بەڵام لە دارشتنی پلان بۆ نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی و دەستەبەری مافەکانمان کەمتەرخەمیمان کردووە.

د. ئامانج عەبدوڵلا سەعید راوێژکاری وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ئافرەتان لە ناو پرۆسەی بەڕێوەبەریی خوێندنی باڵادا تا چەند پەراوێز خراون؟ دەڵێت: «ئێمە لە ناو سیستمی خوێندنی باڵای خۆماندا هەمیشە و لە هەموو روویەکەوە پشتیوانی لە ئافرەتان دەکەین، هەوڵمان داوە دەرفەتی زیاتریان بۆ برەخسێنین لە وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا هەروەها بەشداریکردنیان لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە و وۆرکشۆپە نێودەوڵەتییەکان و هەندێك لەو ژنە سەرکردە ئەکادیمییانە کە ناو زانکۆکانی کوردستانن لە بواری جیاجیا کار دەکەن، هەیانە سەرۆکی بەشن و راگری سکووڵ پاکڵتن و هەن لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆکان کار دەکەن، ئەوانە سەرکردەی ئەکادیمی و دیارن و لە ناو ژناندا هەڵکەوتوون و هەمیشە جێدەستیان دیار بووە». گوتیشی: «وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی یەکێك لەو وەزارەتانەیە کە دەستپێشخەر بووە لەوەی کە ئەو پۆستە گرینگانەی لە ناو زانکۆکاندا هەیە بە بێ جیاوازی و بە راگەیاندنێکی کراوە و زۆر دادپەروەرانە دیاری بکرێن، واتە هەموو کەسێك بە بێ جیاوازی رەگەزی بۆی هەیە داواکاری خۆی پێشکەش بکات، بەڵام ئەو پۆستانە مەرجیان هەیە و مەرجی زانستین و مەرجی (خدمەی جامعی) خزمەتی زانکۆ و ئەزموونی هەیە، ئەو مەرجانە دەبێت مەوجوود بێت، ئیتر ژن و پیاو وەك یەك دەرفەتیان هەیە و لەسەر بنەمای مەرجەکان دەرفەتیان دەدرێتێ و بە هەموو شێوەیەك شەفافییەت و عەدالەتی کۆمەڵایەتی تیا رەچاو دەکرێت. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا رێکنەکەوتووە کە ئەو ژنە سەرکردانەی لە ناو زانکۆکاندان بگەنە پۆستی سەرۆکی زانکۆ، هۆکاری سەرەکەیشی لەوانەیە خۆیان (سی ڤی)یان پێشکەش نەکردبێ، یان مەرجەکانیان نەبووبێ، بەڵام پرەنسیپەکە ئەوەیە ئەوانەی مەرجەکانیان هەیە و داواکاری بۆ ئەو پۆستانە پێشکەش دەکەن، بە دەرفەتی یەکسان و بێ جیاکاری رەگەزی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، بەڵام لە ناو دیوانی وەزارەت و لە ناو بەڕێوەبەریە گشتییەکاندا و لە ناو زانکۆکاندا ژنانی سەرکردە و دیار و بەتوانامان هەیە کە زۆر کاریگەرن. لە مێژووی زانکۆش لە هەرێمی کوردستان پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆمان هەبووە کە خانم بووە. هیوادارم ئەم مەسێجە بە دروستی بگەیەندرێ کە ژنان هەلی یەکسانیان لەگەڵ پیاوان هەیە و هیچ جیاکارییەکی رەگەزی ناکرێ و تەنیا بەپێی مەرجە زانستییەکان دەتوانن بۆ هەموو پۆستەکان و لە ناویشیاندا بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی زانکۆ داواکاری خۆیان پێشکەش بکەن».

راوێژکاری وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، یەکێك لە هۆکارەکانی دیکە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە زۆر لە زانکۆکان نوێن و تەمەنیان ناگاتە چوار ساڵ، وەك زانکۆی هەڵەبجە، زانکۆی گەرمیان، زانکۆی زاخۆ، زانکۆی راپەڕین، زانکۆی کۆیە، زانکۆی سۆران کە هەموویان زانکۆی تازەن، سەرۆکی زانکۆش بۆی هەیە چوار تا هەشت ساڵ لەو پۆستەدا بمێنێت. گوتیشی: «لە ناو خانمانی سەرکردەی ئەکادیمی، وردبینی، خۆتەرخانکردن بۆ زانست، تەرکیز و دیقەت (رامان و وردبینی) و سەرکردایەتییەکی سەرکەوتوو دەبینین، بەڵام بۆچی داواکاری خۆیان بۆ ئەو پۆستە پێشکەش ناکەن، ئەوە دەبێت خۆیان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە». جەختی لەوەش کردەوە کە هەموو ئاسانکارییەك بۆ توانا‌سازی ئافرەتان دەکەن و

شوان سابیر :

**نابێت وەک خێرکردنێک پۆست بە ئافرەت بدرێت، پێوەر دەبێت باوەڕ بە زەروورەتی بەشداریکردنی ئافرەت و تواناکانی بێت، واتە بەشداری بکات، نەک بەشداری پێ بکرێت**

فەزیلە شۆڕش:

**بۆ هێنانەدی کوردستانێکی دیموکرات و سەردەمییانە و پێشکەوتوو دەبێت بەشداری ئافرەت بەتایبەتی لە ناوەندەکانی زانستی و مەعریفی و ئەکادیمی زیاتر بکرێت**

نموونەی بەوە هێناوە کە «لە پرۆسەی تواناسازی ٢٥٪ی داواکارییەکان هی خانمان بووە و ٢٥٪ی وەرگیراوانیش خانمن، یەکێك لەو خانمانەی کە ڕێگەی تواناسازییەوە لە خوێندنی دکتۆرا وەرگیراوە لە زانکۆی (نوتینگهام)ی بەریتانیا خەڵاتی باشترین توێژینەوەی زانستی وەرگرت لە سەرتاسەری بەریتانیا و لە ماوەی خوێندنی دکتۆراکەی ١٩ توێژینەوەی گرینگی زانستی ئەنجامداوە.

**● دەبێت وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا پێشڕەو بن**

روفیا رەمەزان، پەروەردە بە سەرچاوەی چارەسەری کێشەکان دەزانێت و دەڵێت: «سەرەکیترین ناوەند بۆ گەشەی فکری و نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی، پەروەردەیە و پێویستە وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا پێشڕەوی چاکسازییەکان و پێشکەوتنە فکرییەکان بن و ئەنیستیتۆی لێکۆڵینەوە لە سەر پرسی یەکسانی رەگەزی دابمەزرێنن و پەرە بە دیالوگ و باسی هەدەفمەند لە ناو کۆمەڵگەدا بدەن. ژنانی کوردیش پێویستە بە هاودەنگی و کاری هاوبەش لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کاری جددیتر بکەن و خاوەنی پڕۆژەگەلی جۆراوجۆر بن بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی یەکسانی ژن و پیاو لە کوردستان و پێویستە خانمانی کورد ببنە ئەهرۆمی فشار و دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکار ناچار بکەن، هەوڵی بنبڕکردنی جیاوازی رەگەزی بدەن و کۆمەڵگە بە یاساکانی هاوچەرخ پابەند بکەن».

شوان سابیر گەردی وەك ریکارێك بۆ چارەسەری کێشەکە، پێشنیار دەکات «لە پاڵ کارکردن بۆ کۆتا، پێویستە کار لەسەر جێگەکردنەوەی ئافرەت و زەمینە خۆشکردنی راستەقینە بکرێت بۆ بەشداری راستەقینەیان، نابێت وەك خێرکردنێك پۆست بە ئافرەت بدرێت، بەڵکو دەبێت پێوەر باوەڕ بە زەرووەتی بەشداریکردنی ئافرەت و تواناکانی بێت، واتە بەشداری بکات، نەك بەشداری پێ بکرێت.

فەزیلە شۆڕش بە پێویستی دەزانێت ئافرەتی کورد لە لووتکەی ناوەندە زانستی ومەعریفی و ئەکادیمییەکان دەرکەون و هاوکات دەڵێت: «لە هەر شوێنێکی دیکە رێگری لە ئافرەت بکرێ و پەراوێز بخرێ، بەو ئەندازەیە قورس نییە کە لە ناوەندەکانی ئەکادیمی بەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، ئەگەر ئەو جیاکارییە لە ناوەندەکانی ئەکادیمی و رۆشنبیری هەبێت، ئەوە کارەساتە، چونکە خودی ئەو ناوەندانە بەرپرسن لە رۆشنبیرکردنی تاکی کۆمەڵگە و دەبێت هەوڵی نەهێشتنی ئەو کەلتووری پیاوسالارییە بدەن کە باوەڕی بە توانای ئافرەت نییە و شایەتی دوو ئافرەت و یەك پیاو یەکسان دەکەن و ئافرەت بە زەعیفە ناودەبەن». پێشنیاریشی کرد «خودی ئافرەتان بە بێ سڵمەینەوە هەوڵی زیاتری بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی بدەن، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخواز لەسەر دەستی خۆیان بونیات بنێن».

